نێچیرڤان بارزانی و میخائیل بۆگدانۆڤ پشتیوانیی خێیان بۆ ئارامی و سەقامگیری لە سوریا دەربڕی

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و میخائیل بوگدانۆڤ، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ڕوسیا و جێگری وەزیری دەرەوەی ڕوسیا کۆبونەوە و پشتیوانیی خێیان بۆ ئارامی و سەقامگیری لە سوریا دەربڕی و جەختیان لە پاراستنی مافەکانی کورد و تەواوی پێکهاتەکان لە وڵاتەکە کردەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، نیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە نێچیرڤان بارزانی پێشوازیی لە میخائیل بوگدانۆڤ نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ڕوسیا و جێگری وەزیری دەرەوە و شاندێکی یاوەری کرد و لە کۆبونەوەیەکدا، برەودان بە پەیوەندییەکانی ڕوسیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، وەبەرهێنانی ڕوسی لە هەرێمی کوردستان، دۆخی سوریا و دواین پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان تاوتوێ کرد.

ئاماژەی بەوەشکراوە، نێچیرڤان بارزانی وێڕای جەختکردنەوە لە خواستی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا، ئاماژەی بە ئامادەیی و ڕێی کێمپانیا

وسییەکان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بواری هاریکاریی وزەدا کرد، هەروەها سوپاس بۆ ڕوسیا دوپاتکردەوە کە لە کاتە سەختەکاندا، یارمەتیی هەرێمی کوردستانی داوە.
لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، هەردولا هاوڵابون لەسەر گرنگیی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری لە عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا، باسیان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوی هەرێمی کوردستان کرد.

دەربارەی دۆخی سوریاش ئەوە خراوەتەڕو، هەردولا پشتیوانیی خۆیان بۆ ئارامی و سەقامگیری لە سوریا دەربڕی و جەختیان لە پاراستنی مافەکانی کورد و تەواوی پێکهاتەکان لە وڵاتەکە کردەوە، باسی هەڕەشە و مەترسییەکانی داعش لە عێراق و سوریا و داکۆکییان لە گرنگیی ڕۆگرتن لە سەرهەڵدانەوەی کرد.